کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-11-2007 23:48 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**لە کۆبونەوەی تورکیا هەڵوێستی مالیکی لە هەمویان ناشرینتر بو! ... هیوا بەکر**

مالیکیەك کە بە هەزاران کێشەی سوننە و شیئە و تاران و سعودیە و گێرمە و کێشەکانی تری ناو ئێراقی پێ چار ناکرێت بۆتە بوکە شوشەی دەستی



ئێران و سوریا و تورکیا و دوژمنان و ناحەزانی تری کورد و لە پایتەختی ژمارە یەکی دژ بە کوردەوە هەڕەشە پڕ و پوچەکانی دژ بە کورد نەك بە پەکەکە دەفرۆشێتەوە و ئەوەی کە بە ئارەب و تورك و فارس ساڵەهای ساڵە ناکرێت ئەم دەیەوێت لە پەراوێزی شکستە یەك لەدوا یەکەکانی حکومەتە فاشیلەکەی بەغدا سەرکەوتنێك لەسەر حسابی کورد بەئەنجام بگەیەنێت و بیکاتە تاجە گوڵینەی خۆی و حیزبە دواکەوتوەکەی کە تا سەر ئێسقان نۆکەری سەیستانی و ئاغاکانی ئێرانن. لێرەدا جێی خۆیەتی بەبیر هەموان بێنەوە کە ئەو هەڵایەی تورکیا لەسەر پەکەکە ناویەتیەوە مەبەستی خودی پەکەکە نییە و بەڵکو وەك هەمو وڵاتانی ئەو دەڤەرە و بە تایبەتیش سێ لەناوبەرەکەی کورد (فارس-تورك - ئارەب) مەبەستی ڕوون و ئاشکرای تورکیا ڕێگرتن و لەناوبردنی هەمو دەرفەتێکە کە ڕەنگە نەتەوەی ژێردەست و چارەڕەشی کورد دەستی پێ بگات. ئەمڕۆ سێ مێردەزمەکەی نەتەوەی کورد لە خەوێکی قوڵ ڕادەچڵەکێن و دەبینن وا خەریکە کورد هەناسە دەدات بۆیە هەمو هیستریایان تێ کەوتوە و هەربۆیە بە هەر چوارلادا پەلەقاژەیانە.

ئەوەی کە ئەوان لەژێر پەردەی پەکەکە باسی دەکەن خەونی هەمو تاکێکی کوردە و زەحمەتە تازە بەری پێ بگیرێت. تازە ئەو قەفەزەی کوردی تیا بەندکرابو تێکشکاو زەحمەتە لێك بدرێتەوە.

ئەمڕۆ دەوڵەتانی جیهان و ئەمریکا و ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی خۆیان لە گەورەترین و ئاڵۆزترین کێشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە جیهانیش دەدزنەوە و وەك تەماشاکەرێك سەیری کەلاکی لاشەی کوردستان دەکەن کە چۆن کەوتۆتە بەر کەڵبەی گورگە هارەکانی تورك و ئارەب و فارس. ئەمڕۆ کێشەی کورد بە بەرچاوی هەمو جیهانەوە وەك کێشەی سەردەم بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە و جیهان لە ئاستیدا بێ دەنگی هەڵبژاردوە.

ئای کە سەیرە پێوانە دو فاقەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەمڕۆ!!! لە کاتێکدا تورکیا ڕێگە دەدات بە خۆی دەست درێژی بکاتە سەر ژیان و ئازادی کەسایتیە کوردیەکانی نێو کوردستانی ئێراق و مالیکی هەڵاتو لە کێشەکانی ئێراق لە تورکیاوە بانگەوازی مەرگی ئازادی خوازەکانی کوردی تورکیا دەدات جیهان لە گوڵێك کاڵتریان پێ ناڵێت!!!

بەڵام هەر هەمان ئەو جیهانە سپڵەیە هەمو لە پەکەکە بونەتە کوێخا و باسی ڕێزگرتن لە سنور و دەست درێژی نەکردنە سەر وڵاتانی تر دەکەن!! پەکەکەیەك کە لەناو خاکی سروشتی و جێگەی باوباپیرانیدا نیشتەجێیە.

کامیان دەست درێژی دەکەن؟! تورك کە هێشتا بە سنوری دەستکردی ئیمپریالیزمیش ڕازی نییە و هاتوە بستێکی داگیرکراوی تری خاکی چەند جار پارچە پارچەکراوی کوردستان داگیربکات؟!! یان پەکەکە کە لە دەست زوڵم و زۆری تورکان خۆی لە ئەشکەوتەکاندا دەشارێتەوە؟!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەبا هەمومان ئەو هەڵوێستەی مالیکی ڕیسوا بکەین و چی تر نەهێڵین بە دەستی خۆمان خەون و هیواکانی براکانمان لە پارچەکانی تری کوردستان لەناوبەرین!!
ئەمڕۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە لەو بێ دەنگیە بێتە دەرێ و نەهێڵن چی تر مافی کورد پێشێل بکرێت! کاتی ئەوە هاتوە کە ئەوان قەرزی چەندین ساڵەی بێ دەنگیان بدەنەوە لە ئاست مەینەتیەکانی کورد.
ئەگەر ئەوان لەبەر ئاڵۆزی کێشەکە و گەورە و گرانی دەرئەنجامەکانی خۆیان دەدزنەوە ئەی باشە کێ بو لە بنەڕەتەوە ئەم کێشەیەی بۆ کوردی هەش بەسەر و ناوچەکە و هەمو دنیاش خولقاند؟!! مەگەر هەر ئیمپریالیزمی ئەوسا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئێستا نەبون؟!
ئیتر بەسە بەردەوام بون لەسەر هەمان سیاسەتی پشت گوێ خستنی نیگەرانیەکانی کوردان و گوێ گرتن بۆ بەرژەوەندیە ناوچەییەکانی وڵاتانی ئیقلیم لە پاراستنی یەك پارچەیی ئێراق و بیر نەکردنەوە لە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی کوردانە، دەبا بەس بێت بەردەوام بوون لەسەر لەبەرچاوگرتنی هێشتنەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لەسەرووی بەرژەوەندییە کوردیەکان. کە دیارە ئەمە بە کردەوە سەلماندی کە دارێکی بێ بەرە و ئەگەریش بەری هەبێت لە داهاتوودا کورد زەحمەتە دەستی پێ بگات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.